# خیانەت!!

هێمن مەلا کەریم بەرزنجی



-١-

ئەوان هاتن...

گڕیانلەباخچەکانبەرداو

کانیاوەکانیانتینووکرد.

ئەوان هاتن...

شۆستەکانیان پێچایەوەو

عەردی خوایان لەئێمەی مرۆڤ حەرامکرد.

ئەوان هاتن...

مەمکی ژنەکانیان بڕی ...

ئەوژنانەی بەقەدەری خودا.

لەدووای مەرگیش...

شیری کۆرپەکانیان دەدا.

-٢-

ئەواندێن...

زارمان ببەستن و

بمانکەنەقەرەجێکی بێ پەتی .

کەچی ئێمەدەچین و

دەیانکەینەفریادڕەس.

ئاخ. . !!خودایە. . !!

چەند قوڵەبڕینی ئەم خیانەتە.

-٣-

ئەوان دەڕۆن. .

دەترسن قینی جەماوەرییانکوژی .

کەچی ئێمەدەیان هێنین

لەژێریەك پێخەفدا...

دەگەڵژنەکانماندا دەیاننوێنین.

سلێمانی
٢٥-٣-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت